The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info
C.H.A.K
The Centre of Halabja
Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

---

## ئازادكردنی سه‌ران و به‌رپرسانی ڕژێمی ڕوخاوی به‌عس له‌به‌رچی؟!

به‌پێی هه‌واڵه‌كان سوپای ئه‌مه‌ریكا له‌ ڕۆژی دووشه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی 19.12.2005 دا بیستوچوار 24 به‌رپرسی پێشووی ڕژێمی به‌عسیان ئازاد كردووه‌. به‌پێی سوپای ئه‌مه‌ریكا ئه‌وانه‌ بێتاوانن و نه‌توانراوه‌ به‌شداریان له‌ تاوانكاریه‌كانی پێشوودا بسه‌لمێندرێت. ئه‌وانه‌ به‌ره‌و عه‌مانی پایه‌ته‌ختی ئه‌رده‌ن به‌ڕێگاوه‌ن. به‌پێی هه‌واڵه‌كان له‌ داهاتووی نزیكدا بیستوپێنچ 25 كه‌سی دیكه‌ كه‌ له‌ لیستی 55 داواكراوه‌ تایبه‌ته‌كه‌دان بڕیاره‌ ئازاد بكرێن.

له‌ نێو ئه‌و به‌رپرسه‌ ئازاد كراوانه‌دا ئه‌و ناوانه‌ هه‌ن:

1. هدى مهدي صالح عماش (ناوی له‌ لیستی 55دا هه‌یه‌. كچی جێگری سه‌رۆكی كۆماری پێشوو ساڵح مه‌هدی عه‌ماش, ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی پارتی به‌عس, لێپرسراوی خوێندكار و لاوان, كه‌سێكی نزیك له‌ سه‌دام و تاكه‌ ژنه‌ كه‌ له‌ كۆبوونه‌وه‌كانی سه‌دامدا ده‌رده‌كه‌وت, به‌ "خوشكه‌ ئه‌نتراكس" ناسراوه‌ و شاره‌زایی له‌به‌رهه‌مهێنانی مادده‌ی ژاراوی و بایه‌لۆژیدا هه‌بووه‌. له‌ 1996دا سه‌رۆكی ده‌زگای گه‌شه‌پێكردن و پێشخستنی ژاری ئه‌نتراكس و كۆكۆژ بووه‌).
2. رحاب طه (ژنی وه‌زیری پێشووی نه‌وت عامر ره‌شید, ئه‌ندامی پارتی به‌عس, خاوه‌نی شاره‌زایی زۆر له‌ تاقیكردنه‌وه‌ی مادده‌ی ژاراوی و كۆكوژ و تاقیكردنه‌وه‌یان له‌سه‌ر ئاژه‌ڵ و زیندانیه‌كان و تایبه‌تمه‌ندی له‌ دروستكردنی ژاری بكوژدا هه‌بووه‌. له‌ 80 كاندا سه‌رپه‌رشتی ده‌زگای به‌رهه‌مهێنانی سه‌ره‌تۆپی كیمیاوی و بایه‌لۆژی كردووه‌ و یارمه‌تیده‌ری گرنگی به‌رهه‌مهێنانی هه‌زاران لیتر له‌ مادده‌ی ژاراوی بووه‌. له‌ 1991 دا به‌رپرسی سێ ده‌زگای سه‌ره‌كی مادده‌ی بایه‌لۆژی بووه‌. به‌پێی پشكنه‌رانی UN ئه‌و ژنه‌ ساخته‌چی و درۆزن بووه‌ و ژیرانه‌ خۆی له‌ ئاشكراكردنی ڕاستیه‌كان پاراستووه‌).
3. عامر سعدي (ڕاوێژكاری نهێنی سه‌دام حسێن و سه‌رۆكی ده‌زگای پیشه‌سازی سه‌ربازی)
4. همام عبدالغني (وه‌زیری پێشووی خوێندنی باڵا و سه‌رۆكی به‌شی وزه‌)
5. احمد مرتضى خليل (وه‌زیری پێشووی گواستنه‌وه‌)
6. اصيل كامل (جێگری یه‌كه‌می عوده‌ی سه‌دام حسێن)
7. فاضل محمود غريب (ناوی له‌ لیستی 55دا هه‌یه‌. ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی پارتی به‌عس)
8. حسام الالوسي (ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی پارتی به‌عس)
9. حازم الشيخ راوي (ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی پارتی به‌عس)
10. ثائر حسام الدين محمد (ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی پارتی به‌عس)

11. ابراهيم خليل حسين (ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس)

بەپێی هەندێ سەرچاوە ڕاوێژکاری سەدام (عامر سعدی) زووتر بێ ئاگادارکردنەوەی ڕاگەیاندن و بە خشکەیی ئازاد کراوە, لە ڕێگای کوردستانەوە چۆتە تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا گەشتی کردووە.

ئێمە وەکو (چاک) ئەو شێوە ئازادکردنە بەتوندی ڕەتدەکەینەوە و ڕیسوا دەکەین. داواکارین قوربانیان و کەسوکاریان و سەرجەم گەلی کورد بێنە دەنگ. ئێمە پێمان وایە دەبوایە ئەو تاوانکارانە لە دادگایەکی کراوەدا و بە ئاشکرا بدرابانە دادگا, دەبوایە بوار بۆ هاوڵاتیان و قوربانیان برەخسێندرابا بۆ بنیاتنانی دۆز لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەی دەکومێنت و شایەد و تاوانکاریەکان. دەبوایە ئەو گیراوانە بخرابوونایە ناو پرۆسەیەکی کراوە و ڕەوای دادگاییکردن و بەو پێیەش ئەوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرابا.

ئەوانە گیران و ئازاد کران, بەبێ ئاگاداری خەڵکی قوربانی و بەبێ پیشاندانی هیچ جۆرێک لە دادگاییکردن. کەس نازانێ ئەوانە چۆن و بە پێی چ برگەو یاسایەک دادگایی کران, یا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا. سوپای ئەمەریکا بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی و بەپێی پێوەری میلیتاری خۆی سەیری ئەو کەسانەی کردووە. ئەوەش پشتگوێخستن و بەکەمزانیی قوربانییانە. ڕێز نەگرتنی داوای خەڵکی قوربانیە بۆ دادگاییکردنی تاوانباران.
بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئەنرات ماددەی کیمیاوی گەیاندۆتە ئێراق, نە سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی ئەو چەکانەی کردووە, نە ئەو چەکانەشی لە سەر ئاژەڵ یا زیندانیی تاقیکردۆتەوە, بەڵام وەکو بەشدار لە تاوانی ژەنۆساید درایە دادگا و داوای 15 ساڵ زیندانی بۆ دەکرێت. کەچی ئەو بەرپرسانە هەروا ئاسان و بێ ڕێزدانان بۆ خەڵکی قوربانی ئازاد دەکرێن و دەگەیەندرێنە دەرەوە! ئەو پێخشاندنە لە قوربانیان و سکاڵا و داخوازیەکانیان.

لەسەر بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەو بارودۆخە و تەواوی ئەو پرۆسە بناوبنی و شاراوەیە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە. چۆن ئەوان پەسندی ئازادکردنی ئەو کەسانەیان کردووە؟ بۆ ئەوان ڕوونکردنەوەیەکیان نەدایە دەست؟ بۆ ئەوان پێیان وایە ئەوانە بێ تاوانن؟ ئەوانە بەپێی چ یاسایەکی تایبەت بە تاوانکاری دژ بەمرۆڤایەتی یا تاوانکاری جەنگ درانە دادگا؟ چۆن لێگەڕان عامر سەعدی بە کوردستاندا ڕەتبێت و نەیان گرت؟

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک).**
**2005.12.20**

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**